ئەنجومەنی نوێنەران دوای دەنگدان لەسەر یاسای پشووی فەرمییەکان دانیشتنەکەی هەڵدەگرێت

ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی یاسادانانی یەکەم لە ساڵی سێیەمی یاسادانان لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن هەڵگرت، دوای ئەوەی دەنگی لەسەر ڕەشنوسی یاسای پشووی فەرمی دا.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی دا لەسەر پێشنیاری یاسای هەمواری دووەمی یاسای کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (31)ی ساڵی 2019.

ئاماژەی بۆشکرد: ئەنجومەنی نوێنەران دەنگدانی لەسەر ڕەشنوسی یاسای گەڕاندنەوەی خانووبەرە بە خاوەنەکانی کە بەیاری ئەنجومەنی فەرماندەیی شەڕی (هەوشاو) دەیگرێتەوە دواخست.

ئاماژەی بۆشکرد: ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر ڕەشنووسی یاسای پشووە فەرمییەکانی دا.